هەناردەکردنی گازی سروشتیی ئێران بۆ عێراق بەردەوامە

بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیشتمانیی گازی ئێران، بەردەوامبوونی هەناردەی گازیی سروشتی لە ئێرانەوە بۆ عێراق راگەیاند.

ئەمە شەمە، سەعید تەوکولی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای نیشتمانیی گازی ئێران رایگەیاند، هەناردەکردنی گازی سروشتیی بەپێی ئەو رێکەوتنەی لەگەل عێراقدا ئێنجاممان داوە بەردەوامە.

وتیشی، "هەناردەکردنی گازی سروشتیی بۆ عێراق پێیوستە بە بەیارێک و بە ئەو مەبەستە رێککەوتنێکی درێژخایەن لێنەوان هەردوو وڵاتدا ئێنجامدراوە و لەئێستاشدا پەسەکە بەردەوامە".

ئاماژەی بەوەشدا، ئەو بەیارەی دەناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا، کە رۆگری دەکات عێراق کارەبا و گازی سروشتیی لە ئێرانەوە هاوردەبکات، لەپێناو کەمتر پشتبەستنی عێراق بە ووزەی ئێران و هەنگاوێکی نوێی ئەمریکایە بە سنووردارکردنی ئاستیی هەناردەکردنی ووزەی ئێران.